## بۆچی له کوردستان پێویستیمان به :

# پارتێکی سۆسیالیستی شۆڕشگێره




***ئازاد ئارمان***

azadarman@hotmail.com


**روونکردنه‌وه‌یه‌کی کورت**

**ئه‌م نووسراوه‌یه له به‌رواری 2003 نووسراوه ، له‌و کاته‌ی هاورێ که‌مال ره‌ئووف باسێکی کرده‌وه له سه‌ر مه‌سه‌له‌ی پرۆسه‌ی پێکهێنانی پارتێکی شۆڕشگێر له کوردستان، منیش له ڕوانگه‌ی سۆسیالیسته ئه‌نته‌رناسیوناله‌کان ئـه‌م نووسـینه‌م بڵـاوکردوه لـه په‌یوه‌ند به‌م بانگه‌وازه‌دا. ئێستاش دووباره ئه‌م باسه کراوه‌ته‌وه له لایه‌ن چه‌ند هاورێ یه‌که‌وه. هیوادارم ئـه‌م باسـه‌ی منـیش خزمه‌ت به‌م مه‌سه‌له‌یه بکات.هه‌ر لێره‌دا ئه‌مه‌ش به هاورێیان راده‌گه‌یه‌نم له داهاتوودا باسێکی تـرم ده‌بێـت لـه سـه‌ر هـه‌مان مه‌سه‌له.**

کۆمه ڵـگای کوردسـتانیش وه‌کـو تـه‌واوی کۆمه ڵـگه نێوده‌وڵـه تیه‌کانی تـر، کۆمه ڵـگه‌یه‌کی چینایـه‌تی یـه‌و سیسـته‌می سه‌رمایه‌داری تیایه ده‌سه ڵاتداره. مێژووی بنیادی سیسته‌می سه‌رمایه‌داری له کوردستان ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی رابردوو، واته سه‌ده‌ی بیسته‌م. له‌و کاته‌وه‌ی سیسته‌می سه‌رمایه‌داری چه‌سپاوه له کوردستان، ( چی لـه ڕێگـای سه‌رمایه‌ی ده‌ره‌کی یه‌وه بێت یان له ڕێگای سه‌رمایه‌ی خۆمالی دا) چینێکی دژ به خۆی خولقاندووه، که گۆرهه ڵکه‌نی خۆیه‌تی ئه‌ویش چینی کرێکارانه. مێژووی خه‌بات و تێکۆشانی چینی کرێکاران له کوردسـتان خه‌ریکـه سـه‌ده‌یه‌ک به‌رێـده‌کات، به ڵـام تـاکو ئێستاش بێبه‌شترین و چه‌وساوه‌ترین چینی کۆمه ڵگه‌یه.

به پێی جیهانبینی مارکسیستی، له سیسته‌می سه‌رمایه‌داری دا چینی کرێکار شۆڕشگێرترین چینی کۆمه ڵگه‌یه و تاکـه چینـه ده‌توانێ شۆڕش به‌رپا بکات، به ڵام له واقیع دا خودی کرێکاران خۆیان ئاوا نابینن، ئه‌ویش به‌وبه ڵگه‌یه‌ی که مارکس باسـی ده‌کات " بیروباوه‌ری زاڵی ناو هه‌ر کۆمه ڵگایه‌ک، بیروباوه‌ری چینی ده‌سه ڵاتداره" کرێکارانی کوردسـتانیش وه‌کـو بـاقی کرێکارانی عێراق که‌وتوونه‌ته ژێـر کاریگـه‌ری بیروبـاوه‌ره زاڵـه‌کانی نـاو کۆمه ڵـگه ، به‌شـی زۆریـان باوه‌ریـان بـه هێـزی شۆڕشگێری خۆیان نی یه و بیروباوه‌ری چینی فه‌رمانره‌وایان قه‌بووله و پێیان وایه مه‌سه‌له‌ی چه‌وسانه‌وه‌ی چینایـه‌تی بـه گشتی یانی چه‌وساوه و چه‌وسێنه‌ر، نه‌دارو خاوه‌ن سامان، ده‌وڵه‌مه‌ندو هه‌ژار به کـورتی چه‌وسـانه‌وه‌ی نێـوان کرێکـاران و سه‌رمایه‌داران سیسته‌مێکی هه‌میشه‌یی یه و گۆڕینی به ده‌ستی ئه‌وان نی یه و ئه‌بێت ملکه‌چی بن.

ڕەوتە جۆر بە جۆرەکانی بۆرژوازی (نەتەوەیی ، ئاینی، لیبرالی) هەمیشە بە درێژایی مێژوو ئەم ئیدەیە لە ناو کرێکاران پەرە پێدەدەن. بەڵام لە هەمان کاتدا کەمایەتی یەک لە نێو کرێکاران دا بە تەواوی بیروباوەری چینی دەسەڵاتدار ڕەتدەکەنەوە و باوەریان بە هێزی خۆیان هەیە و هەمیشە لە ریزی پێشەوەی نەبەردە چینایەتی یەکاندا بوونە و تێکۆشاون لە پێناوی بەدیهێنانی دونیایەکی باشتر ئەمانەش کرێکارانی سۆسیالیست و شۆڕشگێڕن.

ئێمە سۆسیالیستە ئەنتەرناسیونالەکان، وەکو باقی سۆسیالیستەکانی تر ئامانجمان گۆرینی ئەم نیزامە بەربەری یەوە وە تێکۆشانە لە پێناوی دونیایەکی بی چین و چەوساندنەوە. بۆ گەیشتن بەم ئارمانەش، ئەمرۆ لە هەمووکات زیاتر پێویستیمان بە ڕێکخستنێکی شۆڕشگێرە ، مێژوو و ئەزموونەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و سۆسیالیستی فێری کردووین بە بێ بوونی پارتێکی سۆسیالیستی شۆڕشگێر چەکدار بە تیوری شۆڕشگێرانە ناتوانین بە سەرکەوتنی تەواو بگەین.

ئەزموونەکانی ساڵانی 1918- 1923 لە ئەلمانیا، ساڵی 1927 لە سین، ساڵی 1936 لە ئیسپانیا، لە دوای جەنگی جیهانی دووهەم لە ئیتالیا و یۆنان، شەڕی دژی کۆلۆنیالی لە ڤێتنام، ڕاپەرینی قوتابیان و کرێکاران لە ساڵی 1968 لە فەرەنسا، شۆڕشی ساڵی 1979 لە ئێران، ڕاپەرینی کرێکاران لە پۆلەندە لە ساڵی 1981، هەروەها ڕاپەرینی ساڵانی پەنجاکان لەعێراقدا. ...هتد.

ئەمانەی سەرەوەو چەندانی تر دەست نیشانی ئەوە دەکەن بۆ ڕامالینی سیستەمی سەرمایەداری و دەسەلاتی بۆرژوازی، بە بێ بوونی پارتێکی بەڵشەفی لینینی هەوڵ و تێکۆشانمان بە فیرۆ دەروات هەر وەکو لیۆن ترۆتسکی دەڵێت " بەبێ ڕێنمایی ڕێکخراوەیەک ووزەی جەماوەر بە با دەچێت، هەروەک ئەو هەڵمەتەی لە لولەی پستون دا جێگیر نابێت، بەڵام ڕاستی یەکەی ئەو شتەی تەنەکان دەبزوێنێت نە خودی پستونەکەیە و نە لولەکەیەتی، بەڵکو هەڵمەکەیە".

یەکێک لە وتە بەنرخەکانی مارکس کە هەر لە سەرەتاوە لە مانیفێستی کۆمۆنیست دەست نیشانی کردووەئەوەیە " ڕزگاری چینی کرێکار بەندە بە خەباتی چینی کرێکار خۆیەوە" ئەمە هەر وتەیەک یاخود دەربرینێکی سادە نی یە مارکس دەری بریوە، بەڵکو ئەم وتەیە بە قەد مێژووی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کۆنەو مانای سیاسی و جیاوازی خۆی هەیە لە گەل ڕەوتەکانی تری ناو بزووتنەوەی سۆسیالیستی لە جیهان. چونکە هەر لەسەردەمانی مارکسەوە ڕەوتێک هەبوو پێی وابوو بە گروپێکی شۆڕشگێر دەتوانی دەسەڵاتی بۆرژوازی بروخێنێت، یەکێک لە رابەرانی ئەم ڕەوتە ئۆگێست بلانکی بوو. مارکس ئەو کاتە زۆر بە توندی دژی ئەم ڕەوتە وەستایەوە و بەوە تاوانباری کرد کە ئەم بۆچوونە زیاتر لە کودەتا دەچێت لەوەی لە ڕێبازێکی شۆڕشگێرانیە کە ئامانجی بێت بەشێک بێت لە شۆڕشی چەوساوەکان.

خالێکی تری مشت و مر و باس و پلیمیکی ڕەوتە سۆسیالیستەکان لە دوای مانیفێستی کۆمۆنیستی یەوە تاوەکو ئێستاش مەسەلەی نێوان پارت و چینە هەلەیەکی ترسناک ئەوەیە ڕەوتێکی چەپ لە کوردستان ئەم پەیوەندی یە بە ئارەزوی خۆی دەشێوێنێ و پارت دەخاتە جێگای چینی کرێکاران و لە ئەنجامگیردا پارت ئەبێت بە دیکتاتۆر بە سەر چینی کرێکاران دا. نموونەی ئەم ڕەوتانەش پارتە ستالینی یەکان و ماوی یەکان و زۆربەی چەپەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەم. ئەم ڕەوتە لە ڕابردوودا گەورەترین نسکۆ و زەرەری بە چینی کرێکاران و بزووتنەوەی سۆسیالیستی گەیاندووەو ناوزراوی کردووە، بەدیاریکراویش ستالینی یەکان. بەڵام لە راستی دا پارت بەشێکە لە چینی کرێکاران نەک پێچەوانەکەی. مارکس و ئەنگلس لە مانیفێستی کۆمۆنیست دا ئەم پەیوەندی یە بەم شێوەیە شی دەکەنەوە " کۆمۆنیستەکان تەنیا بەوە لە پارتەکانی تری پرۆلیتاریا جودا دەکرێنەوە لە لایەکەوە لە خەباتی پرۆلیتاریای نەتەوە جۆربەجۆرەکاندا،

بەرژەوەندی هاوبەشی هەموو پرۆلیتاریا، وێڕای جیاوازی نەتەوە، دەخەنە پێشەوە و بەرگری لێدەکەن، لە لایەکی تریشەوە لە هەر ئاستێک دا کە گەشەکردنی ململانێی چینی کرێکاران لەگەڵ بۆرژوازی دا پیایدا تێپەڕدەبێت، ئەوان بەردەوام بەرجەستەکەرەوەی بەرژەوەندی یەکانی بزووتنەوەکەن" .

لینین هەمیشە ئەوەی دووبارە دەکردەوە کە ئەستەمە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێرانە، بەبێ تیوری شۆڕشگێرانە بوونی هەبێت. ئێمە لە ڕێکخراوەی سیاسی سۆسیالیستی دا پێویستمان بە تیوری شۆڕشگێرانە هەیە بۆ ئەوەی لە خەباتی چینایەتی دا بتوانین سەرکەوتن بە دەست بێنین لە دژی دوژمنانی چینایەتی مان. هەروەکو شۆڕشگێری سۆسیالیستی بەریتانی تۆنی کلیف دەڵێت " ئێمە پێویستە لە رابردووە وە فێربین تاکو خۆمان ئامادە بکەین بۆ داهاتوو، دەبێ ئابووری ناسی مارکسیستی بخوێنینەوە هەتا لەو نالۆکیانە تێبگەین لە لە سیستەمی سەرمایەداری دا هەیە و ئەو هێزانە بناسین لە لە هەناوی دا دەبنە هۆی تەقینەوە. بۆ ئەوەی بتوانین رابەرایەتی بکەین دەبێ توانای پێشبینی کردنمان هەبێت، بۆ ئەوەی پێشبینی بکەین دەبێ تێگەیشتنێکی تیوریانەی ڕوونمان هەبێت بۆ ئابووری، کۆمەڵگە، سیاسەت، مێژوو، فەلسەفە ."

خالی سەرەکی – بنچینەیی پێویست بوون و بنیاتنانی پارتی کرێکارانی سۆسیالیست ، لە بوونی سیستەمی سەرمایەداری لە کوردستان دا سەرچاوە دەگرێت. بۆ بەرەنگاربوونەوەو گۆڕینی ئەم هەموو نادادپەروەری یەو نایەکسانی یەی لە کۆمەڵگادا وجودی هەیە. بۆ ڕیشەکێشکردنی چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە، بۆ ڕزگاری لە چەوسانەوەی نەتەوایەتی ، بۆ ڕزگاری ژنان لە ستەمی رەگەزی، بۆ بەرەنگاربوونەوە لە دژی ئیمپریالیزم ...هتد بە کورتی بۆ رامالینی دەسەڵاتی بۆرژوازی: پەرلەمان، سوپا، پۆلیس، دادوەر. ئەبێ پارتی شۆرشگێر بنیادبنێین، لە ڕێگای گرێدانی سۆسیالیزمی شۆڕشگێرانە بە ڕۆژانەی کرێکاران.

ئەمرۆ 100ساڵ (1903- 2003) تێدەپەرێ بە سەر لە دایک بوونی بەلشەفیزم، چینی کرێکاران و سۆسیالیستەکان لە هەموو کات زیاتر پێویستیمان بە کەلتوور و ڕێبازی بەلشەفیزمە ، ئەگەر لە گەل بیرو بۆچوونی بەلشەفیزم هاوبیری و ڕێبازی بەڵشەفیزم بە ڕێبازی خۆت دەزانی، هەنگاو بنێ لە پێناوی بنیادنانی پارتی بەلشەفی لینینی.